# شنگال چۆن تەسلیم کرا؟
# نووسینی: وریا عبدالخالق

کۆمێنتارم لەسەر ئەم بابەتە

تکایە زۆر بە وردی بیخوێننەوە تاکو بزانن ئەم فسفس پاڵەوانەی کوردستان چۆن ناوی پێشمەرگەیان سووک کردووە و بە هەزاران چەکداریانەوە نەیانتوانی لە ڕووی چەند سەد نەفەرێکی تیرۆریستدا خۆیان بگرن، خۆ ئەگەر شەڕێ نێوان خۆیان بوایە(واتە نێوان مەلایی جەلالی) ئەوا لە مێژە بە سەدان و سەتانیان لەیەکتر دەکوشت. وەك دەڵێن پارتی لەسەر مدیر ناحیە زوومار لەگەڵ یەکێتی خەرێك بوو شەڕی گەورە بە دوایدا هەڵبگیرسێت

بەڵام لە ڕووی داعشدا، نەیتوانی ئەو هێزە بجووڵێنێت بۆ پارێزگاری نزیکەی ٣٦ هەزار کوردی یەزیدی .- بەڕاستی ئەمە ئەمەیە شێری ماڵەوە و ڕێوی دەرەوە.

چی ڕوویداوە ؟ و پارتی بۆ بێ تەقە ئەو ناوچانە تەسلیم دەکات؟

بۆ فەیسبووك لە هەولێر سانسۆر کرا ؟

بۆچی ڕاگەیاندنەکان باسی لە دەسدانی سێ قەزاکەی تر ناکەن هاوشێوەی شنگال

ڕۆژی ٣-٨ قەزای شنگال و ناحیەکانی ڕەبیعەو زوومارو سنونێ و خانسۆر و وانکێ بە کەمتر لە٢ سەعات کەوتە دەستی داعش و نەتوانرا ٥ سەعات بەرگری بکرێت تا خەڵکی ئەو ناوچانە بتوانن ڕووبکەنە ڕۆژئاوای کوردستان کە ٥٠ کیلۆمەتر لە...شنگالەوە دوورە , سنوری قەزای شنگال سپێردرابوو بە فەرماندەیەکانی (سپیلک و هەڵگورد و سەفین) کە زێرەڤانی و هێزی سەر بەیەکەکانی ٨٠و جگە لە هیزی لق و ناوچەکانی پارتی و ئاسایشی شنگال و هێزەکانی پۆلیس لە شنگال و زوومار کە سەر بە پرتین لە گەڵ هێزێکی بچوکی مەڵبەندی یەکێتی لە شنگال و زوومار , هێزەکانی پارتی بە گشتی لەلایەن سەربەست باپیری بەرپرسی لقی شنگالەوە سەرپەرشتی دەکران , ڕۆژی ٢-٨ هێزەکەی یەکێتی نزیک زوومار توشی هێرشی داعش دەبن و بەردەوام دەبن لە شەڕ تا ١٤ کەسیان لێ شەهید دەبێت کە بەرپرسی هێزەکەی تیا دەبێت کە کارگێڕی مەڵبەندی موسڵی یە کێتی بوو , ڕۆژی ٣-٨ سەعات ٩ بەیانی سەرجەم هێزەکانی پارتی بە بێ تەقە و بە هات هات هەڵدێن و بە ڕێگایەکی ٢١٠ کیلۆمەتریدا بە سێ سەعات لە شنگالەوە تا پردی سحێلا ناوەستن و دوای شنگال ڕەبیعەو زووماروسنونێ و خانەسۆر ووانکێ و ١٥٠ گوند چۆڵ دەکەن بۆ داعش و لەو کاتەدا سەربەست باپیری بەرپرسی لق لە دهۆک دەبێت و موسا گەردی بەرپرسی یەکێک لە فەرماندەیەکان لە سۆلاڤ دەبێت و فەرماندەیەکی تریان بە ماڵو منداڵەوە سێ هەفتەیە لە ئەنتالیای تورکیایەو بە ملی شکاوی تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە , دواتر پاش ئەوەی بێ تەقە کردن شنگال چۆڵ کرا زۆربەی ئێزیدیەکان بە ماوەی ٥ بۆ ٦ سەعات سەرکەوتن بۆ چیای شنگال ئینجا داعش هاتنە شنگالەوەو لە گوندەکانی دەوروبەری شنگال ٢٠٠٠ ئێزیدیان کوشت و سەدان کوردی تر لە برسان وتینوان گیانیان لە دەسداو نەوەکانی ئەبو لەهەب و ئەبوو جەهل پاش هەڵهاتنەکەی پارتی ٥٠٠ کچی ئێزیدیان بە دیل گرت و ئەگەر لەو ٥ ناحیەو ١٥٠گوندەدا و لە هەریەکەی سەعاتێک بەرگری بکرایە دەیکردە هەفتەیەک و ئەو کارەساتە ڕووی نادا , هەر ئەو ڕۆژە هێزەکەی یەکێتی پاش شکانی هێزەکانی پارتی داعش دێت بۆ پشتەوەیان و گەمارۆ دەدرێن و پاشان بەرگری دەکەن تاهێزی یەپەگە دەگەنە فریایان و گەمارۆکە دەشکێنن و بریندارەکانیان دەگەیەننە نەخۆشخانەی شاری دێرکی ڕۆژئاوای کوردستان.

ڕۆژی ٦-٨سەعات ١ی دوای نیوەڕۆ داعش هێرش بۆ هەردوو قەزای تلکێف و حەمدانیەو ناحیەکانی گوێرو باشیک (بەعشیقە) و گۆگجەلی و بەرتلەو خازر دەست پێدەکات و سوپای بارزان و سەرجەم هێزەکانی پارتی بە هات هات لە ماوەی ٢ سەعات بەرەو هەولێر هەڵدێن و داعش دەگاتە خازر و گوێرو تلکێف و بەرتلەو باشیک و حەمدانیە دەکەونە دەست داعش و بێ ئەوەی بەرگری و شەهید و بریندارو شەڕ هەبێت داعش لە قۆڵی خازرەوە دەگاتە بەرامبەر قەزای بەردەڕەش و خەبات و داعش ٣٥ کیلۆمەتر لە هەولێرەوە دوور دەبێت و لە گوێرەوە ٤٠ کیلۆمەتر دوور دەبن بۆ هەولێر, لە گەڵ هەڵاتنەکەیا فەیسبووک بە فرمانی پاراستن فیلتەر دەکرێت و (لە زۆر تۆڕیش لە سلێمانی و کەرکوک و گەرمیان فلتەر دەبێت وەک ڕێبەر کویک چونکە سێرفەری لە هەولێرە)و سەعات ٢ مەسعوود بارزانی داوای هاوکاری لە یەکێتی و نەوشیروان مستەفا دەکات و هێزێکی گەورەی دژەتیرۆر و چەکی قورسی سەر بە یەکێتی دەگەنە هەولێرو لە خازر سەعات ٦ داعش لە پێشڕەوی بۆ هەولێر دەوستێنن و لەو کاتەوە ئەمنیەتی هەولێر دراوەتە دەست دژە تیرۆر (ئەمە پارتی و یەکێتیش پشت ڕاستیان کردوەتەوە) و پاش جموجوڵی داعش لە ١٥ کیلۆمەتری خواروی مەخمور ترس لە کەوتنی ئەوێش دەبێت بۆ شەوی ٧ی مانگ بە فرمانی نەوشیروان مستەفا وەزیری پێشمەرگە دەگاتە مەخمور و شەو لەوێ دەبێت و هێزێکی زۆر دەگاتە مەخموور و بە فرمانی کۆسرەت ڕەسوڵ هێزێک بە سەرپەرشتی (مامە غەفە ) دەگەنە گوێرو گوێر ڕزگار دەکەن بە یانی ڕۆژی ٧ی مانگ تەسلیمی هێزەکانی پارتی دەکەنەوە و هەمان بەیانی مستەفای سەید قادر پاش دڵنیا بوون لە ڕەوشی مەخموور دەگەڕێتەوە هەولێر و بۆ نیوەڕۆکەی پاش چەند تەقەیەکی کەم پێشمەرگە لەوێش پاشەکشەدەکەن و هەر بە هات هات تا دیبەگە ناوەستن و پەکەکە کە کەمپێکی لە مەخموور هەیە بە ناوی کەمپی کاوە ناکشێنەوە و تا ئێستاش کەمپەکە دەپارێزن و هێزێکی یە کێتیش لە چیای بازاڕگەی سەرووی مەخموور جێگیر دەبن و سەعات ١١ی هەمان ڕۆژ گوێریش بێ تەقە تەسلیم دەبێتەوە و فەرماندەی هێزەکانی پارتی لێگززەکەی و قەناسەکەی دەمانچەکەی بۆ داعش جێ دەهێڵێت و لە

کاتی هەڵهاتن خۆی بە دواوەی مێگزەمینێکدا هەڵدەواسێت ( ئەو فەرماندەیە لای خەڵکی چەمچەماڵ و کەرکوک ناسراوە لە بەر ڕەچاوی دۆخی کۆمەڵایەتی ناوەکەی نانوسم) و بەو جۆرە گوێریش دەکەوێتەوە دەست داعش و ڕۆژی ٧-٨ قوباد تاڵەبانی سەردانی سەدەکەی موسڵ دەکات و فەرماندەکانی زێرەڤانی خۆیان زۆر موسەیتەر پیشان دەدەن و قوباد تاڵەبانی کاتێ هەمان ڕۆژ دەگەڕێتەوە هەولێر هێشتا نەگەیشتوەتە ئەنجومەنی وەزیران پێ ی ڕادەگەیەنن سەدی موسڵ کەوتە دەست داعش

هەمان ڕۆژ لە سەعات یەکەوە پاراستن سەرجەم کەناڵەکان ئاگادار دەکاتەوە بە بیانووی پاراستنی ئەمنی قەومی و دانەبەزینی ورەی هاوڵاتیان نابێ هەواڵی کەوتنی تلکیف و خازر و مەخمور و حەمدانیەو باشیک و بەرتلە و مەخمور و گوێر بڵاو بکرێتەوە

دەرەنجام

١- لە دوو ڕۆژی جیاواز و لە پێنج شەش سەعاتدا ٤ قەزاو دە ناحیەو ٣٠٠ گوند تەسلیمی داعش کرا

٢-هەر کەسێک بڵێت تاکتیکەو پلانە (کۆمەڵێ چڵکاوخۆرئەیانەوێ شکستەکە بشارنەوە)ئەوا ئەگەر وابێت خیانەتە ئەبێ ئەتک بکرێ چونکە تاکتیک بە قوربانی کردنی گیانی کوردانی ئێزیدی ناکرێ حاڵی حازر پتر لە ٣٠٠٠ شەهیدیان هەیە ومن دلنیام تاکتیک نیە چونکە پارتی ئامادەنیە مودیر ناحیەیەک لە هەولێر بداتە یەکێتی و گۆڕان کەچی ناچار بووە هەولێر بداتە دەست دژەتیرۆر

٣- ڕاکردنی پارتی لە و چوار قەزایە زۆر نامەنتیقیە چونکە ئەم شکستە لە ماوەی مانگێک یان هەفتەیەک نەبووە بەڵکو لە شنگالەوەتا سحێلا ٢١٠ کیلۆمەترە ئەگەر ئۆتومبیلەکان لە ١٠٠ ڕۆشتبێت ئەوا ڕێک ئەو دوو سەعاتە دەکات کە هەڵهاتوون

٤-پارتی ٣ ساڵە درێغی لە دژایەتی پەکەکە و پەیەدە نەکردووە , ئێستا پەیەدە ئەو ناوچانە ڕزگار دەکاتەوە کە پارتی شکستی تێدا خواردووە

٥-تا ئێستا بەر پرسانی یەکێتی و گۆڕان توشی شۆک بوون بۆ پارتی بەرگری پێ ناکرێ و بە دوو تەقە هەڵدێ لە کاتێکدا هێزەکانی پارتی خاوەنی چەکی زیاترن

٦- لە کوتنی موسڵەوە ئەم ناوچانە نیمچە ئارام بوون بۆ بەیەکەم تەقە وا کەوتنە دەست داعش

٧-بەداخەوە ئێستا تەواوی ناوچە کوردیەکانی موسڵ (قەزای شنگال و قەزای تلکێف و قەزای حەمدانیەو ناحیەکانی زوومارو ڕەبیعەو سنون و خانە سۆر و وانکێ و باشیک و بەرتلەو خازرو گۆگجەلی و نەمردوود و ئاڤەنگی و ٣٠٠ گوند و قەزای تەلعفەر )لە چنگی داعشدان و لە پارێزگای هەولێر (قەزای مەخمور و ناحیەکانی گوێرو باقرت ) لە چنگی داعشدان و سنوری پارتی گەڕاوەتەوە بۆ سنوری هێڵی ٣٦

من زۆر بەداخەوەم واقیعەکە وابوو ئەوەندە دەستەواژەی هێزی یەکێتی و پارتیم بەکار هێنا بۆمن پێشمەرگەی هەموو حزبەکان فەرقی نیەو کەوتنی شنگال و مەخمور هەمان ئازاری کەوتنی خانەقین و دووزی هەیە و پێم وایە دۆڕاندنی بستێک خاک کارەساتێکە قەرەبووی نیە چونکە بە هیچ شتێک بارتەقا ناکرێ و کەوتنی ئەم ناوچانە توشی کارەساتی دیمۆگرافی دەبنەوە و خاڵی دەبن لە دانیشتوانم کە زۆر لە تەعریب خەتەر ترە ,هیوام وایە یەک دەنگ بین بۆ ڕزگار کردنەوەی ئەو ناوچانە ,پێک هاتبوون ٧٥٠ هەزار دانیشتوان و ڕووبەرێکی فراوان

تێبینی :

١- ویستم ئەم پۆستە بکەمە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی بەڵام دڵنیام لەم ساتە وەختە ڕێگە بە هیچ گۆڤارێك نادرێ بڵاوی بکاتەوە،چونکە بارودۆخەکە لە نێوان بەزین وخیانەتدایە ویژدانم ئاسودە نابوو بێدەنگ بوایەم

٢-نەخشەکە بە پێی گۆگڵ ئێرس دروست کراوە ناوچە ڕەنگ سپیەکان ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەن و ناوچە شینەکان ئەو ناوچانەن کە بە داخەوە لە دوو ڕۆژ و هەر ڕۆژەش بە دوو یا سێ سەعات کەوتە دەست تیرۆرستان و داگیرکەران